# پەروەردگاری مەزن دەفەرموێت: نوێژم لە نێوان خۆم وبەندەکەم دابەشکردووە بۆ دۆ دووبەش، وئەگەر بەندەکەم داوای هەرشتێکم لێبکات ؛ پێی دەبەخشم

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «پەروەردگاری مەزن دەفەرموێت: نوێژم لە نێوان خۆم وبەندەکەم دابەشکردووە بۆ دۆ دووبەش، وئەگەر بەندەکەم داوای هەرشتێکم لێبکات ؛ پێی دەبەخشم، ئەگەر بڵێت: {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} واتا: {سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم سوپاس وحەمدم دەکات، وئەگەر بڵێت: {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} واتا: {بەخشندەی میهرەبان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی کردم، وئەگەر بڵێت: {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ} واتا: {پادشا وخاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بە شکۆدانانی منە لە لایەن بەندەکەمەوە -وجارێک فەرمووی: هەموو غەم وشتێک کە بیری لایەتی بە منی سپارد-، وئەگەر بڵێت: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین وتەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە لە نێوان من وبەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای بکات ؛ پێی دەبەخشم، ئەگەر بڵێت: {اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ} واتا: {هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتت هەیە بەسەریانەوە نەک ڕێبازی ئەوانەی خودا لێیان تووڕەیە -نەک ڕێبازی جولەکەکان وهاوڕێبازەکانیان کە زانستیان هەیە بەڵام کردەوەی پێناکەن-، ونە ڕێبازی ئەوانەی گومڕان -نەک ڕێبازی گاوڕەکان وهاوڕێبازەکانیان کە کردەوە دەکەن بە نەزانین وبێ زانست-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بۆ بەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای دەکات ؛ پێی دەبەخشم».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: سورەتی -الفاتحة-م دابەشکردووە لەنێوان خۆم وبەندەکەم بۆ دوو نیوە، نیوەی بۆ منە، ونیوەی بۆ ئەوە، نیوەی یەکەم: حەمد وسوپاس وستایشکردنی الله یە، کە لەسەر ئەمە بەچاکترین شێوە پاداشتی دەدەمەوە. نیوەی دووەم: پاڕانەوە ونزایە، و وەڵامی دەدەمەوە وئەوەی داوای دەکات پێی دەبەخشم. ئەگەر نوێژخوێن بڵێـت: {الْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} واتا: {سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم سوپاس وحەمدم دەکات، وئەگەر بڵێت: {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} واتا: {بەخشندەی میهرەبان}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی کردم ودانینا بە هەموو نیعمەتەکانم لەسەر خوڵقێنراوەکانم، وئەگەر بڵێت: {مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ} واتا: {پادشا وخاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە بە شکۆدانانی منە لە لایەن بەندەکەمەوە، وئەویش ئەوپەڕی ڕێزداری وشکۆمەندییە. وئەگەر بڵێت: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین وتەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە لە نێوان من وبەندەکەمە. نیوەی یەکەمی ئەم ئایەتە بۆ الله یە، ئەمیش بریتیە لە ووتنی: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ} واتا: {تەنها تۆ دەپەرستین} ؛ ودانپێدانانە بە ئولوهیەتی -پەرستراوێتی- الله، و وەڵامدانەوەیەتی بە پەرستنی، لێرەدا ئەم نیوەی کە بۆ الله یە ؛ کۆتایی دێت. نیوەی دووەمی ئەم ئایەتە بۆ بەندەیە: {إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتا: {تەنها پشت بە تۆ دەبەستین -تەنها لە تۆ دەپاڕێینەوە-} ؛ داواکردنی یارمەتیە لە الله، وداواکردنی پەیمانی خودا بەوەی یارمەتی بەندە بدات. ئەگەر بڵێت: {اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ} واتا: {هیدایەتمان بدە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتت هەیە بەسەریانەوە نەک ڕێبازی ئەوانەی خودا لێیان تووڕەیە -نەک ڕێبازی جولەکەکان وهاوڕێبازەکانیان کە زانستیان

هەیە بەڵام کردەوەی پێناکەن-، وەک ڕێبازی ئەوانەی گومڕان -نەک ڕێبازی گاوڕەکان وهاوڕێبازەکانیان کە کردەوە دەکەن بە نەزانین وبێ زانست-}؛ ئەوا خودا دەفەرموێت: ئەمە پاڕانەوە ونزای بەندەکەمە، وئەوەی بەندەکەم داوای دەکات ؛ پێی دەبەخشم، ونزاکەیەم وەڵامدایەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65099